## هەندەک بەندەکانی سەبارەت بە لەئاوهەڵکێشان
## لە کتابی ئینجیلی پیرۆز

**مەرقۆس ١:** [٤] یەحیا لە چۆڵەوانی دەرکەوت و خەڵکی لەئاوهەڵدەکێشا، جاڕی لەئاوهەڵکێشانی تۆبەکردنی دەدا بۆ گوناه بەخشین.

**لۆقە ٣:** [١٦] یەحیا وەڵامی هەمووانی دایەوە: (من لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام یەکێک دێت لە من بەتواناترە، ئەوەی من شایستە نیم ئاوەزێنەی سۆڵەکانی بکەمەوە، ئەو لە ڕۆحی پیرۆز و بە ئاگر باپتیزتان دەکات.

**مەتا ٣:** [٦] لەسەر دەستی ئەو لە ڕووباری ئوردون لەئاوهەڵدەکێشران و دانیان بە گوناهەکانیان دەنا. [١٣] ئینجا عیسا لە جەلیلەوە هاتە ئوردون، تاکو لەسەر دەستی یەحیا لەئاوهەڵبکێشرێت. [١٤] بەڵام یەحیا دەیویست ڕایگرێت و دەیووت: (من پێویستیم بەوەیە لەسەر دەستی تۆ لەئاوهەڵبکێشرێم، کەچی تۆ دێیت بۆ لای من؟) [١٦] کاتێ عیسا لەئاوهەڵکێشرا، یەکسەر لە ئاوەکە هەڵستایەوە. ئەوەبوو ئاسمانی بۆ کرایەوە و بینی ڕۆحی خودا وەک کۆترێک نیشتەوە و هاتە سەری. [١٧] دەنگێکیش لە ئاسمانەوە فەرمووی: (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم.)

**مەتا ٢٨:** [١٦] ئیتر یازدە قوتابییەکە چوونە جەلیل، بۆ ئەو کێوەی عیسا فەرمانی پێدابوون. [١٧] کاتێ بینییان کڕنۆشیان بۆ برد، بەڵام هەندێکیان گومانیان کرد. [١٨] عیسا لێیان نزیکبۆوە و قسەی بۆ کردن: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. [١٩] کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویانهەڵبکێشن، [٢٠] فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، تاکو کۆتایی ڕۆژگار.)

**کرداری نێردراوان ٨ :** [١٢] بەڵام کاتێ فیلیپۆس موژدەی لەمەڕ پاشایەتی خودا و ناوی عیسای مەسیحی پێدان، باوەڕیان کرد، ژن و پیاویش لەئاوهەڵکێشران.

**کرداری نێردراوان ١٦:** [١٣] لە شەممەدا چووینە دەرەوەی شار بۆ سەر ڕووبار، لەو بڕوایەدا بووین لەوێ نوێژ بکرێت. ئینجا دانیشتین و لەگەڵ ئەو ژنانەی کۆببوونەوە قسەمان کرد. [١٤] لە شاری سیاتیرا ژنێکی خواپەرست بە ناوی لیدیا گوێی دەگرت، بازرگانی کوتاڵی گرانبەها بوو. خوداوەند دڵی کردەوە تاکو سەرنج بداتە قسەکانی پۆڵۆس. [١٥] کاتێ خۆی و خاوخێزانی لەئاوهەڵکێشران، پاڕایەوە: (ئەگەر بڕیارتان داوە من باوەڕدارم بە خوداوەند، وەرنە ماڵەکەم و بمێننەوە.) ئیتر ناچاری کردین.

**کرداری نێردراوان ١٦:** [٢٩] ئەویش داوای ڕووناکی کرد، چووە ژوورەوە و دەلەرزی، لەبەردەم پۆڵۆس و سیلا چۆکی دادا. [٣٠] ئەوسا بردنییە دەرەوە و وتی: (گەورەکانم، پێویستە چی بکەم تاکو ڕزگارم بێت؟)
[٣١] وتیان: (باوەڕ بە عیسای خوداوەند بهێنە، خۆت و ماڵەکەت ڕزگارتان دەبێت.) [٣٢] جا بە وشەی خوداوەند بۆ خۆی و هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەیدا بوون دووان. [٣٣] ئیتر لەو کاتەی شەو بردنی و برینەکانی تیمارکردن، یەکسەر خۆی و هەموو خێزانەکەی لەئاوهەڵکێشران. [٣٤] ئینجا بردنییە ماڵ و خواردنی بۆ دانان، خۆی و هەموو خێزانەکەی زۆر دڵشادبوون، کە باوەڕیان بە خودا هێنابوو.

**کرداری نێردراوان ١٩:** [٣] وتی: (کەواتە بە چی لەئاوهەڵکێشران؟) وتیان: (بە لەئاوهەڵکێشانەکەی یەحیا.)
[٤] پۆڵۆس وتی: (لەئاوهەڵکێشانەکەی یەحیا لەئاوهەڵکێشانی تۆبەکردن بوو، بە خەڵکی دەووت باوەڕ بهێنن بەوەی لەدوای دێت، واتا بە عیسا.) [٥] کاتێ ئەمەیان بیست بە ناوی عیسای خوداوەند لەئاوهەڵکێشران.

**کرداری نێردراوان ٢:** [٣٧] کاتێ گوێیان لێبوو، کاری کردە سەر دڵیان، بە پەترۆس و نێردراوانی دیکەیان وت: (برایان، چی بکەین؟)
[٣٨] پەترۆس وەڵامی دانەوە: (تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و دیاری ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن.

**ڕۆما ٦:** ١ باشە چی بڵێین؟ ئایا لە گوناه بەردەوام بین تاکو نیعمەت زیاد بێت؟ ٢ نەخێر! ئێمە کە سەبارەت بە گوناه مردین، ئیتر چۆن تیایدا بژین؟ ٣ ئایا نازانن هەمووومان کە لە عیسای مەسیحدا لەئاوهەڵکێشراین، لە مردنەکەیدا لەئاوهەڵکێشراین؟ ٤ بۆیە بە لەئاوهەڵکێشان لەگەڵ ئەو بۆ مردن نێژراین، تاکو چۆن مەسیح لەنێو مردووان بە شکۆی باوکەکەوە هەڵستایەوە، ئێمەش لە نوێیەتی ژیاندا بژین.

٥ چونکە ئەگەر لە شێوەی مردنەکەی لەگەڵیدا یەکمان گرتبێت، لە هەڵستانەوەکەشی ئاوا دەبین. ٦ ئەمە دەزانین: مرۆڤە کۆنەکەمان لەگەڵ ئەو لە خاچ درا، تاکو لەشی گوناهبار پەکی بکەوێت، چیتر کۆیلەی گوناه نەبین - ٧ چونکە ئەوەی مرد لە گوناه ئازاد کراوە.

٨ بەڵام ئەگەر لەگەڵ مەسیح مردووین، باوەڕمان هەیە لەگەڵ ئەویش دەژین، ٩ دەزانین مەسیح کە لەنێو مردوواندا هەڵستێندرایەوە، نامرێتەوە. ئیتر مردن بەسەریدا سالار نییە. ١٠ چونکە ئەو مردنەی مرد، بە جارێک سەبارەت بە گوناه مرد. بەڵام ئەو ژیانەی دەژییێت بۆ خودا دەژییێت. ١١ ئێوەش سەبارەت بە گوناه خۆتان بە مردوو دابنێن، بەڵام بۆ خودا زیندوو لە عیسای مەسیحدا.

**کۆلۆسی ٢:** ٩ چونکە تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی، ١٠ ئێوەش لەودا گەیشتوونەتە تەواوەتی، ئەوەی سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە. ١١ لەویشدا خەتەنەکران کە بە دەست نییە، بە داماڵینی گۆشتی جەستە، بە خەتەنەکردنی مەسیح. ١٢ لە لەئاوهەڵکێشانیدا لەگەڵی نێژران، لەگەڵ ئەویش هەڵستانەوە بەهۆی باوەڕتان بە توانای خودا، کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە.

١٣ ئێوەش بەهۆی گوناه و خەتەنە نەکردنی جەستەتان مردووبوون، لەگەڵ مەسیحدا زیندووی کردنەوە، لە هەموو گوناهەکانمان خۆشبوو. ١٤ ئەو تۆمارەی سڕییەوە کە لە ئەرکەکان لەسەرمان بوو، لە دژی ئێمە بوو، لەم نێوەندە هەڵیگرت و بە خاچەوە بزمارکوتی کرد. ١٥ سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی چەککرد و بە ئاشکرا کردنییە پەند، لە خاچدا بەسەریاندا زاڵبوو.

**مەرقۆس ١٦:** ١٥ پێی فەرموون: (بڕۆنە هەموو جیهان و ئینجیل بۆ هەموو بەدیهێنراوان جاڕبدەن. ١٦ ئەوەی باوەڕ دەهێنێ و لەئاوهەڵدەکێشرێ ڕزگاری دەبێت، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ، تاوانبار دەکرێت. ١٧ ئەوانەی باوەڕ دەهێنن ئەم نیشانانەیان لەگەڵ دەبێت، بە ناوی من ڕۆحی‌پیس دەردەکەن و بە زمانی نوێ دەدووێن، ١٨ بە دەستیان مار دەگرن، ئەگەر ژەهرێکی کوشندەش بخۆنەوە زیانیان پێ ناگات، دەست لەسەر نەخۆش دادەنێن و چاک دەبنەوە.)

**١ کۆرنسۆس ١٢:** ١٢ چونکە وەک لەش یەکە و ئەندامی زۆری هەیە، هەموو ئەندامانی لەش لەگەڵ زۆرییان یەک لەشن، مەسیحیش ئاوا. ١٣ چونکە هەمووومان بە یەک ڕۆح بۆ یەک لەش لەئاوهەڵکێشراین، جولەکە یان یۆنانی، کۆیلە یان ئازاد، هەمووومان یەک ڕۆحمان پێدرا بیخۆینەوە.

**کرداری نێردراوان ٢٢:** ١٥ چونکە تۆ بۆ هەموو خەڵک دەبیتە شایەتی ئەو، بەوەی بینیت و بیستت. ١٦ ئێستا بۆ خۆت دوادەخەیت؟ هەستە لەئاوهەڵبکێشرێ و بە پاڕانەوە بە ناوی ئەو گوناهەکانت بشۆرەوە."

# دان پیانان

**١ کۆرنسۆس ١٥:** ٣ چونکە ئەوەم پێدان کە یەکەمین و
گرنگترینە و منیش وەرم گرتبوو: کەوا مەسیح لە پێناوی
گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوەکان، ٤ ئەو نێژرا و لە
ڕۆژی سێیەم هەڵستایەوە بەگوێرەی نووسراوەکان، ٥ ئینجا بۆ
پەترۆس و دوایی بۆ دوازدە قوتابییەکەی دەرکەوت. ٦ پاش
ئەوە بە یەک جار بۆ زیاتر لە پێنج سەد لە خوشک و برایان
دەرکەوت، زۆرینەیان تا ئێستا ماون، بەڵام هەندێکیان
نووستوون، ٧ دوای ئەوە بۆ یاقوب دەرکەوت، ئینجا بۆ هەموو
نێردراوان، ٨ پاش هەمووان بۆ منیش دەرکەوت، من وەک
منداڵێکی لە کاتی نائاسایی لەدایکبوو بووم.

**ڕۆما ١٠:** ٨ بەڵام (ئەم ڕاستودروستییەی بە باوەڕە) چی
دەفەرمووێ؟ {وشەکە لێت نزیکە، لەسەر زمانتە و لە دڵت
دایە}، ئەوەش وشەی باوەڕە کە ڕایدەگەیەنین. ٩ چونکە ئەگەر
بە دەمت دانت پیانا عیسا خوداوەندە و بە دڵ باوەڕت کرد کە
خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت. ١٠ لەبەر
ئەوەی بە دڵ باوەڕهێنان ئەنجامەکەی بێتاوانبوونە، بە دەم
دانپیانان ئەنجامەکەی ڕزگارییە. ١١ وەک ئەوەی نووسراوەکە
دەفەرمووێ: {هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، شەرمەزار
نابێت.} ١٢ چونکە جیاوازی لەنێوان جولەکە و یۆنانی نییە،
لەبەر ئەوەی هەمان خوداوەندە بۆ هەمووان، دەوڵەمەندە بۆ
هەموو ئەوانەی لێی دەپاڕێنەوە. ١٣ چونکە {هەر کەسێک بە
ناوی خوداوەندەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت.}
١٤ ئیتر چۆن لە یەکێک دەپاڕێنەوە کە باوەڕیان پێی
نەهێنابێت؟ چۆن باوەڕ بە یەکێک دەهێنن ئەگەر
نەیانبیستبێت؟ چۆنیش بێ ڕاگەیەنەر دەبیستن؟ ١٥ هەروەها
چۆن ڕادەگەیێنن ئەگەر نەنێردرابن؟ وەک نووسراوە: {چەند
جوانە پێیەکانی ئەوانەی موژدەی خۆشی دەدەن!}

**هەندەک بەندەکانی سەبارەت بە لەئاوهەڵکێشان لە کتابی ئینجیلی پیرۆز**
**٢٠١٦**
**کۆمەلەی ڕێگای راستودرووستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org

**هەموو بەندەکانی لە**
**New Testament Kurdish (Sorani)**
**Standard Version**
**Biblica 2011**